سەران عومەر: عێراق 725 ملیار دیناری لە پشکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2024 بڕیوە و خستوپەتیە سندوقی خانەنشینان



سەران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، وەزارەتی دارایی عێراق 725 ملیار دیناری لە پشکی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2024 بڕیوە بڕیوە و خستوپەتیە سندوقی خانەنشینان، بەڵام ئێستا وەزارەتی دارایی هەرێم داوای دەکات، دەشێت، ئەگەر پارەی شەش مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردو بنێردرایەوە بۆ بەغدا، ئێستا موچەی مانگی 12 کێشەی نەدەبو.

سەران عومەر ئەمڕۆ شەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی موچەی مانگی 12ی 2024، ڕایگەیاند، "لە کۆی ئەو پارەیەی کە ساڵی ڕابردو بۆ هەرێم هاتوە کە 10 ترلیۆن و 738 ملیار دینار، 725 ملیار دیناری عێراق کە خەرجی کردوە بۆ ساڵی 2024 چوەتە ناو لێبڕینی 10% خانەنشینی لەگەڵ باجی سەر موچە، کە عێراق دەیبێت (واتا عێراق 725 ملیار دیناری بڕیوە و خستوپەتیە سندوقی خانەنشینی عێراق) هەرێم داوای دەکات بەڵام بەوونی نابێت، بەغداش دەبێت، پارەکەم خەرجکردوە بەڵام لە سندوقی خانەنشینان دادەنرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، بەشێکی دیکە لە کێشەی هەرێم و بەغدا داهاتی نانەوتییە و هەرێمی کوردستان وابیری کردوەتەوە ئەگەر داهات نەگەڕێنێتەوە لە مانگی (حوزەیران/6) کۆتا داهاتی گەڕاندوەتەوە، کە کۆی گشتییەکەی 399 ملیار دینارە بۆ هەر شەش مانگەکە، بەڵام

شەش مانگی ڕابردوو نەگەیشتەوە، بەڵام کاتێک میزانی مەڕاجەعەی گەشتەوە بۆ بەغدا نوسیویەتی 960 ملیار دینار لە داهاتی ناوخۆ دراوە بە موچە، عێراقیش ئەو پارەیەی وەکو داهاتی موچە حساب کردوە کە گەڕابۆتەوە بۆ خۆی و لەسەر پشکی هەرێم دەریکردوە.

بەگوێرەی وتەی سەران عومەر، "عێراق وتویەتی هەرێم مافی ئەوەی نیە داهاتی ناوخۆ بدات بە موچە و حسابیشی نەکەن و داوای بەدیلەکەی لە ئێمە بکەن، پێویستە ئەو کەسانەی کە گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ بەغدا پێویستە لە ژمێریاری و بودجە شارەزا بن، هەر داهاتێک لە میزانی مەڕاجەعەی خەرجکراوە عێراق وەکو داهات بۆ خۆی حسابی کردوە، کە ئەگەر هەرێم وەکو پێنج مانگەکەی دیکەی داهاتی بگەڕاندایەتەوە، کێشە بۆ موچەی مانگی 12 بەمجۆرە دروستنەدەبو".

ئەوەشی خستەڕو، "بەغدا دەڵێت، ئەوەی دراوە بە موچە 11 ترلیۆن و نیوە بە لێبڕینی خانەنشینیشەوە، دابەشی 12 مانگ دەکرێت بۆ هەر مانگێک 975 ملیار دینارە، بڕیە پارەی هەر 12 مانگەکە هاتوە".